# مەرگی عێراق

**سەردار عەزیز**

پاش دەرد و ئازار و خوێنێکی زۆر، لە سەردەستی دایەنێکی ئینگلیز بە ناوی گێرچوید بێل، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابووردوو لە میانەی پرۆسەیەکی گەورە و ساتەوەختێکی مێژووی بۆ سەرتاپا رۆژهەلاتی ناوەراست دەولەتی عێراق، بە پرۆسەیەکی قەیسەری، لە دایک بوو. لە دایک بوونی ئەم بوونەوەرە سەیرە، کە لە دەعەجانێ ئەچێت، هەر لە سەرەتاوە مایەی گومان و پرسیاربوو. هەر لەو سەروبەرەی کە خاتوو بێل خەریکی دارشتنی پلان و نەخشەی عێراق بوو، قەشەیەکی ئەمریکی کە کاری لە ناوچەکەدا بلاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی بوو بە بێل دەلێت؛ هەولی تۆ بۆ دروستکردنی عێراق دژایەتیکردنی چوارهەزار سالە لە مێژوو. هەر لە ئاشوریەکان و بابلیەکانەوە تا رۆژگاری ئەمرۆ هەرگیز ئەم سەرزەمینە یەکگرتوویی بە خۆیەوە نەدیوە. ئەگەر ئەتەوێت کارێکی وەها بکەیت دەبێ پەلەی لێنەکەیت، خەلکی کاتیان دەوێ بۆئەوەی بە یەکتری ئاشنابن و بتوانن بەیەکەوە بژین. بەلام وەک دەزانین بێل هەر سووربوو لە سەر پلانەکەی، عێراق دروستکرا بەلام هەمیشە وەک منالێکی زۆل بەدوای ناسنامەو رەگی خۆیا ئەگەرێ، هەمیشە بوونەوەرێکی تاقانەو نامۆبووە.

دروستکردنی عێراق رەنگدانەوەی عەقلی ئینگلیزە. ئینگلیزەکان وەک زۆر کۆلۆنیالیزمی تر بە ئاگایی و بێئاگایی هەولی ئەوەیان ئەدا دونیا لە سەر شێوەی وولاتەکەیان دروستکەن. ئینگلتەرا خاوەن حکومەتێکی ناوەندی بەهێزە، (یان بەهێز بوو) لە هەرکوێی تر دەسەلاتیان هەبووبێ هەردەم حکومەتێکی ناوەندی بەهیزیان پێکەوە ناوە. هەروەها دەسەلاتی ئیمپریالیانە بە سروشتی خۆی شێوازی دەسەلاتێک دەخوازێت کە چەق و ناوەندێکی بەهێزی هەبێت.

وەک چۆن رۆژگاری ئەمرۆ دەبینین خەیالی ئەمریکیەکان بۆ دونیا هەولدانێکی ساویلکانەیە بۆ وێناکردنی دونیا لە سەر شێوازی ئەمریکی. هەرلەم روانگەیەشەوەیە کە پێداگرتنیان بۆ فیدرالیزم لە سەر شێوازی ئەمریکی لە عێراق دووبارەکردنەوەی ئەو گێلێتیەیە کە ئینگلیزەکان کردیان. (ئەم تێزە رەنگدانەوەی بیری مۆدێرنەیە، کە گوایە پرۆسەیەک هەیە لە هەموو جێگایەک بەبێ جیاوازی کارئەکات، ئەم یونیڤێرسالیزمە لە بیرکردنەوەدا کرۆکی بیری مۆدێرنەیە. ئەم دەستەبالایەی بیر لەبری ناوەند قەیرانێکە کە پاشان پۆستمۆدێرنە بە چری و بەئاراستەیەکی جودا کاری لەسەر ئەکات). بە هەرحال عێراق لە دایک بوو بەلام لە هەموو تەمەنیا جگە لە خوێن رشتن و دیکتاتۆریەت و شەر هیچی تری بە خۆیەوە نەدی. دیکتاتۆریەت و شەر و جیونۆساید زیاتر پەیوەندیان بە بونیادی حکومەتی عێراقەوە هەیە تا بە کەسەکانەوە. بۆیە بەدلنیاییەوە ئەگەر عێراق بە هەمان بونیادەوە دروستبکرێتەوە دەسەلات لە دەستی هەر لایەنێکا بێت هەمان ئەنجام بەرهەم دەهێنرێت و هەمان مێژوو دوبارەدەبێتەوە ئەوەی سەیرە لە میانەی لێکۆلینەوە لە عێراق ئەم لایەنە فەرامۆشکراوە ، زیاتر جەخت لەسەر رۆلی پارت و کەسەکان ئەکرێتەوە نەک ستراکتۆرەکان.

لەوە ئەچێ خۆشبەختانە مەرگی ئەو بوونەوەرە فرانکشتاینیە سەیروسەمەرەیە نزیک بووبێتەوە. ئەمرۆ عێراق بە ناو خاوەن حکومەتێکی یەکگرتوە بەلام لە راستیدا وولات دابەشبووە. ئەم دابەشبوونە لە هەموو شتێ زیاتر چاوەروانکراوبوو چونکە هەرگیز هیچ کام لە پێکهاتەکانی عێراق نەیانوویستوە بە یەکەوە بژین، چونکە ئەوەندەی جوادیی لە نێوانیاندا هەیە نیوئەوەندە هاوبەشیان نیە، وەک بەلگە مێژوویەکان پێمان دەلێن.

ئەم چەند هەفتەیەی رابووردوو زیاتر لە هەموو کاتێکی تر، دەنگ و باسی بەشکردنی عێراق لە ئارادایە. بۆ هەموو لایەک زۆر بەباشی روونبوەتەوە کە شەری ناوخۆ نەک رووئەدات بەلکو دەمێکە هەلگیرساوە. ئەو تەلگرافانەی لە بەغاوە دەگەنە واشنتۆن هەوالی خۆشیان پێنیە. ئیدارەی بۆش و کۆنگریس زۆر دەستەپاچانە بە دوای چارەسەرێکا ئەگەرێن. یەکێک لەو چارەسەرانەی کە لە دەنگوباسدان شێوازێکە کە لە بنەرەتدا

دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مێژووی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا، ئینگلیزەکان خەیاڵیان ئەوەندە فراوان نەبوو هەتا بتوانن شێوازێکی تر لە حوکم وێنابکەن جگە لەو شێوازە حوکمەی کە لە لەندەن بەڕێوەئەچوو، لەوە ئەچێت ئەمریکایەکانیش بەدەست هەمان دەردەوە بناڵێنن. بۆیە ئەوەی ئەمرۆ پێشنیارئەکرێت پێیدەڵێن (حکومەتی ئێسقان)؛ مەبەست لەمە ئەوەیە کە حکومەتێک لە بەغدا دابمەزرێت کە وەک چۆن ئێسقان لە لەشی مرۆڤدا، بە مانایەکی تر وولاتەکە پێکەوە گرێدات و بە هەندێ کاری سەرەکی هەستێ، کە وەک پێشنیارکراوە بریتین لە؛ کاروباری دەرەوە، پاراستنی سنوور و سەرپەرشتیکردنی داهاتی نەوت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی ئەمریکا واشنتۆن دی سی هەمان رۆڵی دەبینی وە زاراوەی حکومەتی ئێسقان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان رۆژگار.

ئەم بیرۆکەیە لەماڵپەری رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بە فیدرالیزم پلەس ناوزەدکراوە. فیدرالیزم پلەس بە مانای لە فیدرالیزم زیاتر دێت. واشنتۆن پۆست کە لە دەزگاکانی بڕیارەوە نزیکە هەروەها لە خۆرایی نەبوو کەلە گۆشەی راوبۆچونیان ماڵپەرەکەی بۆ خوێنەران و شارەزایان واڵاکردبوو. ئەگەر هیچ نەبی نیشانەی ئەوەیە کە بیرۆکەیەکی لەو جۆرە لە ناوەندەکانی بڕیاردا لە واشنتۆن بیری لێئەکرێتەوە.

یەکیک لەو تێزە سەرەکیانەی کە ئەم دەستەیە تاوتوێ ئەکەن بیرۆکەی دابەشکردنی عێراقە. رەگی ئەم بیرۆکەیە لەوێوە سەری هەڵگرتوە کە شەری ناخۆ لە عێراق هەڵگیرساوە تەنها چارەسەر ئەوەیە چۆن بە زووترین کات کۆتایی پێبهێنرێت. وەک لە تاقیکردنەوەکانی ترەوە فێربوون، مێژووی ئەمریکا، ئەم دواییانە لە یوگوسلافیا، هەمیشە شەری ناوخۆ دەبێتە هۆی جیابوونەوە. بەڵام ئەگەر هاتوو هەر لە ئێستاوە جیابوونەوە کاری بۆکرا ئەوا شەری ناوخۆ ئەوەندە درێژە ناکێشێ.

شایانی باسە لە نێوکۆنگریسدا چەند ئەندامێک هەن دەمێکە بانگەشە بۆ جیابوونەوەی عێراق ئەکەن. بەڵام لە هەموو کەسێ زیاتر پیتەر گالبرێتە، پیتەر دۆستی نزیکی کوردە و لە نزیکەوە پەیوەندی بە سەرکردایەتی کوردەوە هەیە بۆ ماوەیەک راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردوستان بوو. پیتەر بە ئاشکرا دەمێکە لە نوسینەکانیا کە بە تایبەتی لە نیورک بووک ریڤیودا بڵاودەبنەوە جاری مەرگی عێراق داوە. ئەم نووسینانە بوونەتە بابەتی کتێبێک بە ناوی کۆتایی عێراق.

بەڵام ئەوەی لە هەمووی زیاتر جێی سەرنجە ئەو بابەتەیە کە ژمارەی ئەم جارەی گۆڤاری یوئێس ئارمد جۆرناڵدا بڵاوبوەوە. وەک لە ناونیشانی گۆڤارەکەدا دیارە، گۆڤارەکە تایبەتە بە کاروباری سەربازی ئەمریکی.

سنوورە خوێناویەکان ناونیشانی بابەتەکەیە. لە ژێرناونیشانەکەوە دێرێک هەیە کە زۆر مانای لە خۆیدا هەڵگرتوە ئەویش؛ رۆژهەڵاتێکی ناوەراستی باشتر چۆنە، کە بە مانای ئەوە دێت ئەو رۆژهەڵاتی ناوەراستەی کە هەیە نەک هەر باش نیە بەڵکو وەک نووسەر پاشان دێتە سەری ئەوەندە خراپە کە هەمیشە مایەی بەرهەم هێنانی رق و تیرۆریزمە. نوسەری بابەتەکە رالف پیتەرسە. پیتەرس لە سەرەتای بابەتەکەیدا دەڵێت سنوورە نێودەوڵەتیەکان هەرگیز بە شێوەیەکی تەواو رەوا نین. سنورەکان خەڵک لە یەک جیائەکەنەوە و خەڵک ناچارئەکەن کە پێکەوە بژین. خراپترین سنور دارێژان لە ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەراستدایە. ئەم سنورانە رۆژانێک کێشراون بۆئەوەی خزمەتی بەرژەوەندی یەک لایەنەی وولاتە کۆلۆنیالە ئەوروپیەکان بکەن. ئەوروپیەکان زۆر بەئاسانی سنوری ئەوانی تریان دارێژا کەچی لە هەمانکاتدا دارشتنی سنور لە ئەوروپا چەندەها شەر و خوێنێکی زۆری لە سەر رژا. ئەم جۆرە سنورە کێشراوانە لە ئەفریقاساڵانە دەبێتە مایەی مەرگی ملیونەها خەڵکی. لە هەمانکاتدا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا وینستۆن چرچڵ واتەنی؛ ئەوەندە کێشە ئەخولقێنێ کە زۆر لە توانای ناوچەکە بەدەرە بۆئەوەی چارەسەریان بکات.

هەرچەندە پیتەرس براوای وایە کە هەرچەندە هەوڵبدرێت بۆ دارشتنی سنووری ناوچەکە هەرگیز ناتوانرێ سنورێک بکێشرێت کە ببێتە مایەی رەزامەندی هەموان، بە تایبەت لەبەر سروشتی ئێتنی ناوچەکە، بەڵام ئەمە

مانای ئەوە نیە کە دەبێت ناوچەکە وەک خۆی بەجێبهێڵرێت.

یەکێک لەو پێشنیارانەی پیتەرس ئەیکات سەرلەنوێ دارشتنەوەی سەرتاپا نەخشەی ناوچەکەیە بە جۆرێکی ئۆرگانی. مەبەستی لەمە ئەوەیە ئەو گەل و نەتەوانەی کە سنور دابەشیکردوون سنورەکان لە نێوانیاندا لاببرێت و دەوڵەتی یەک نەتەوەیی پێکبێت. لە دەرئەنجامی ئەمەدا دەبێ دەوڵەتێکی کوردی بێتە ئاراوە چونکە هیچ گەلێکی تر نیە لە سەرتاپا ناوچەکەدا هێندەی ئەم گەلە ناهەقی بەرامبەرکرابێت.

هەر لەروانگەی ئەم تێزەوە پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی زانکۆی جۆرج واشنتۆن ئەمیتای ئیتزیونی تێزێکی لە گەڵ سیناتۆر جۆزێف بایدن لە هەژدەی مانگی شەشی ئەمساڵ پێشکەش بە کۆنگریس کرد. ئیتزیونی لێکۆلەرەوەیەکی کۆمەڵناس و پسپۆرێکی شارەزای کاروباری سیاسەتە. ئەم پرۆفیسۆرە دەرچووی زانکۆی بەناوبانگی بێرکلیە لە کالیفۆرنیا و لە سەردەمی رۆناڵد رێگندا بۆ ماوەیەک راوێژکاربوو. ئیتزیونی کۆمەڵێکی زۆر نوسین و کتێب و بڵاوکراوەی هەیە. جگە لە زمانی ئینگلیزی بە زمانی ئەڵمانیش دەنووسێ. هەندێ کاریشی دەربارەی ئیسلام و عێراق هەیە. یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی عێراق بابەتێکە لە ژێر ناونیشانی مزگەوت و دەوڵەت.

تێزەکەی ئیتزینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق بە پلانی ز ناسراوە. دیارە وەک هەمووومان دەزانین پیتی ز دوا پیتە لە زمانی ئینگلیزیدا، بەو مانایە پلانی ز دوا پلانە. لەم پلانەدا ئیتزینی جەخت لە سەر چەمکی کۆمەڵ یان جڤات بە زمانی ئینگلیزی کۆمیونیتی بە زمانی ئەڵمانی گمێنشافت ئەکاتەوە. کۆمەڵ ئەو بوونەیە کە لە ئەنجامی پێکەوەبوونی کۆمەڵێک خەڵک پێکدێت بە هەبوونی ناوەندێکی پتەو بۆ پێکەوە گرێدانیان. ئەم ناوەندە دەکرێ ئاین، نەتەوە، زمان، کەلتور یان هەرشتێکی تری لەم جۆرەبێت. کاری ئەم ناوەندە وەک چیمەنتو وەهایە وەک دۆرکایم دەڵێت.

ئیتزینی پێی باشە لە سەرەتاوە عێراق بکرێت بە هەژدە کۆمەڵگاوە پاشان ئازادی بدرێت بە هەر کۆمەڵگایەک بۆئەوەی لەگەڵ هەر یەک لەکۆمەڵگاکانی تردا یەک بگرێت. کەواتە لە سەرەتاوە ئەوە دروستبکرێت کە بە زمانی ئەڵمانی پێی دەوترێت گزێڵشافت لە ئەنجامی ئەمەدا گمێنشافت پێکبێت. ئیتزینی ئەم پرۆسەیە ناوئەنێت دیڤۆلیشنێکی چر. چەمکی دیڤۆلیوشن بەرامبەرەکەی لە زمانی کوردیا نیە، بەڵام بۆئەوەی بۆ خوێنەری روونبکەینەوە ئەوا دەڵێین لامەرکەزی. ئەم پرۆسەیە کە چەند دەیەیەکە وولاتانی (دەوڵەتە نەتەوەیەکانی) رۆژئاوا پیاتێپەرئەبن بریتیە لە پرۆسەی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەند. بۆنموونە لە وولاتی بەریتانیا سکۆتلەندا و وێلز و ئایرلەندای باکور ستاتۆی دیڤۆلیوشنیان هەیە.

ئیتزینی بروای وەهایە کاتێک عێراق بووبە کۆمەڵەی جیاوازەوە ئەوا کۆمەڵەکان ئەرکی پاراستنی خۆیان دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان بۆیە هەر کۆمەڵەیە ناچاردەبێ کە لە ناوەندا پێکەوە بگونجێ هەتا بتوانێ رووبەرووی مەترسی دەرەکی بێتەوە.

رەخنەگرانی ئیتزینی بەوە تاوانباری دەکەن کە پلانەکەی دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی عێراق وە ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە و خوێنی زیاتر. ئەم بەهانەیە سەرچاوەکەی روون و ئاشکرایە. بەشێکی گەورە لە سیاسەت هەمیشە هەوڵدانە بۆ لە قاڵبدانی هۆش و تێروانین. ئەم لە قاڵبدانە پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ درێژەدان بە هەماهەنگیەک کە تەنها لە خزمەتی ئەوانەدایە کە داکۆکی لێئەکەن بەڵام ئەوان وەها هەوڵئەدەن کە وەها وێنای بکەن کە ئەلتەرناتیڤی نیە، یان بەلانی کەمەوە ئەلتەرناتیڤەکەی هەستانی روباری خوێنە. گوتەی ئەوەی گوایە دەوڵەتی کوردی دەبێتە هۆی جەنگێکی سەرتاسەری لە ناوچەکەدا یەکێکە لەم قاڵبدانانە. عێراق بوەتە مایەی مەرگی ملیونان، پێش ئەوەی ببێتە مایەی مەرگی هەموان، ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆڤانەیە کە ئەم دەعەجانێیە بکوژین.